ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**کارگەری جووڵانەوە- Blur لەسەر وێنە.**

نووسەر: Pshko
@: Rwandizy@Gmail.com

وەک ئاشکرایە لە گەل پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دا (ImageReady) مان گوێ لێ دەبێت ، بەرای زۆرانێک کەوا دوو پرۆگرا می جیانە بەڵام لە زۆر کاتدا دەبنە دوو پرۆگرامی تەواوکەری یەک.
لێرە باس لە درووست کردنی کاری گەریەکی جولاو دەکەم لە سەر وێنە کە بەشێکی لە فۆتۆشۆپ درووست دەکرێت و بەشەکەی دیکەشی لە (ImageReady)
دوای کردنەوەی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ ئەو وێنەیە بکەوە کە دەتەوێت کاری گەریەکەی لە سەر یەنجام بدەی
دوای کردنەوەی وێنەکەت چینێکی (لایەر) نوێ دروست بکە دواتر بە ئامرازی (Rectangular marquee) چوار گۆشەیەک لە وێنەکەت دیاری بکە یاخود هەر شێوەیەکی تر بێت بە ئارەزووی خۆت







دواتر بە ئامرازی (Paint bucket) ئەو بەشەی کە دیاریت کرد بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگی بکە







برۆ بۆ [Select --> Deselect] بۆ ئەوەی هیچ شتێک لە بەر دەست دا نەهێلی
پاشان (Stroke) چوار چێوە بۆ ئەو بەشە درووست بکە کە دیاریت کردبوو ئەتوانی بەم ڕێگایەی خوارەوە ئەنجامی بدەی




ئەستوری چوارچێوەکەت بکە 1 پیکسل رەنگەکەشی بکە رەش




ئێستا باکگراوندەکەت Duplicate بکە واتا ڕوونووسێکی تری لێ درووست بکە




ئەو رونووسینەوەی کە درووستت کرد بیبە سەر چینەکە (layer)




دواتر لە سەر (Background Copy) لە ناو تەختە کلیکەکەت (Ctrl+G) داگرە




پاشان لە سەر باکگراوندە سەرەکیەکە برۆ [Filter --> Blur --> Gaussian Blur]
(Radius = 5 pixels)
ئێستا وێنەکە بگوازەوە (ImageReady)
فرامێکی نوێ لە لێستی (Animation) درووست بکە
ئینجا بە ئامرازی (Move tool) ئەو چوار گۆشەیەی کە درووستت کردبوو لە لای دەستە راستی وێنەکەت بگوازەوە دەستە چەپت ، یان ئەو شوێنەی کە خۆت دەتەوێت





دواتر کلیک لە سەر ئامرازی (Tween) بکە




بەم جۆرە ڕێکی بخە




ئەو جولەیەی کە تۆ کردت بۆت دەکاتە 25 فرەیم ، ژمارەی فرەیمەکان بە دەستە خۆتە بەڵام بۆ جوانی جوڵانەکە چەند فرامەکان زۆر بێت کارەکە جوانتر دەبێت
ئێستا کارەکەت تەواو بوو بەڵام گەر خۆت بۆ جوا نی وێنەکەت بتەوێت چوار گۆشەکە بۆ شوێنێکی تر بگوازیتەوە بە هەمان ئەو شیوازەی تازە پەیرەوومان کرد ئەنجامی بدە
بۆ پاشەکەوت کردنی کارەکەت برۆ بۆ [File --> Save Optimized as]
ئەوەش وێنەی کۆتایی



Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت